# شکۆفە

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

پەنجەرەیەک بکەرەوە بۆ ڕوانینم
تا شکۆفەی بەهارێکی نوێ ببینم
پاییز زوو تەمەنی کوشتم، ئەندێشەی ئاڵم بیرچۆوە
شەوگار بەرگی تەنیاییم بوو،
بۆ هەمیشە ڕژایە نێو ڕۆژگارمەوە

پەنجەرەیەک ڕۆشنتر بێ
لە نیگای پاکی منداڵیی
دەلاقەیەک والاتر بێ
لە هەناسەی دایکایەتی، لە چاوی گەشی ئازادی

ئەی شکۆفەی میهرەبانی
کە تۆ بۆنی گوڵەکان بیت
بە خەونی باخچەم ئاشنا کە
کە ئاسودەیی فڕین بیت
بە زمانی پاسارییەکان خۆشنودم کە
بە تنۆکەی جاویدانی نەرمە باران



پەنجەرەیەک بکەرەوە بۆ ڕوانینم
تا شکۆفەی بەهارێکی نوێ ببینم
ببە بە خۆر بۆ درەختی نائومێدیم
بە ئامێزێک بۆ ساڵانی وشکە لاویم
بەو چاوانەی ڕابوردووم بیربەرێتەوە
بە سەدایەک ژیانم بەبەر بێتەوە

پەنجەرەیەک بکەرەوە بۆ ڕوانینم
تا شکۆفەی بەهارێکی نوێ ببینم
ئەو بەهارەی شێوەی هەتاوی گرتووە
پەلکەزێڕینەی هیوایە و نیشتمانی هەڵگرتووە

پەنجەرەیەک بکەرەوە بۆ ڕوانینم
تا شکۆفەی بەهارێکی نوێ ببینم
پەلم بگرە بەرەو خەونێ
سپێدە بێ دێڕەکانی
بەرەو دڵێ، بەهەشتی بێ ترپەکانی